# پاشماوەی خۆشەویستیی خاک یان بیری نەتەوەیی لە ئەدەبی هەورامیدا



دیمەنێکی ناوچەی کۆسەی هەجیج ـ کامێرای پەیام

«ڕەواندز» هەتا «خانەقی» و «زەهاو»
«مەندەلی» و «بەسرە» یەکسەر داچەپاو
پارچەی «قەرەداغ» تاوە «شارەزوور»
چەنی «سلێمانی» گرد کەردەن خاپوور
وێران کەرد «لهۆن» مولْک «هەورامان»
نەتەر سا جەزور سەڵتەنەی سانان
سەنگەر وست نەپای سەخنا خان سەخت
وێران کەرد مەحاڵ «هەورامان تەخت»
مەزرەعەی مەحاڵ «کاشتەر» جە پێخ کەند
تەپڵ هەی تالان جە «ژاوەرۆ» ژەند
شلێر شیونا «مەریوان» ماڵا
«سەقز» جە ئافەت زوڵم ئەو ناڵا
لەرزا جە سامش قوللەی سەربەرزان
«کۆماسی» وێران «تاکەڵا تەرزان»
مەحشەر نمانا وە خاک «بانە»
«ساوجبلاغش» کەردەن وێرانە
غارەت داوەتەخت م وای «سنە» شار
بنار «لەیلاخ» مەنزل دا قەرار
ناحیەی «سور سور» تا «شاینی» و «لۆن»
گردش کەرد وێران بەختش کەرد نگوون
«ئەلک» و «بێڵەوار» قۆشەن کەردش پەی
«کەنووڵە» وێران، کەرد وە دەشت «رەی»
کوردستانش کەرد وە خاک نەیکۆ
خسوسەن بلووک خاک «جوانرۆ»
«ماهیدەشت»ش چون چوب تەر تاشان
غەزەب گرت نە دەور شار «کرناشان»
خاک «لورستان» وە تورەکە بەرد
«پێشکۆ» و «ئیلامش» تەمام وێران کەرد
خراو کەرد «هەرسین» «سەحنە» و «خورماوا»
یاساوڵش شار «هەمەدان» یاوا(١٠)

شاعیر وێڕای ئەوە پادشای ئێران لە شوێن و چۆنێتیی دامەزراندنی هێزی دوژمن ئاگادار دەکاتەوە، زۆر ژیرانە وریایی دەدا کە وا پێ دەچێ مەبەست لەو هێرشە دەستبەسەراگرتنی وڵاتی ژێر دەستەڵاتی، واتە ئێران، بێ.
هەڵبەت دەکرێ بە شێوەیەک ترسلەبەرنان و پاڵپێوەنانی حاکمەکانی ئەوکاتی ئێران بۆ بەرەنگاری هێرشکار مەبەست بووبێ، کە ئەوە خۆی هۆشیاری و وردبینی ئەو دەگەیەنێ:

ئیرادەش تەسخیر مولْک ئیرانەن
مەنزورش مەنزڵ وێشەی شێرانەن

لە درێژەی قەسیدەکەدا شاعیر هەر بەوە ڕاناوەستێ و هێندێک بە شاخ و باڵ و تاج و تەختی پاشادا هەڵدەڵێ و لە کۆتاییدا دووپات دەکاتەوە:

غافڵی عەیبەن شای شیرین جەماڵ
سستی پەی شاهان مەحاڵەن مەحاڵ

کورتەی بەسەرهاتی شوێنە پەلاماردراوەکان، وەک لە سەرێ هاتووە، بەم چەشنەیە: بایزید، تەفلیس، ناوچەی وان، پاپێش و قاشمان تا شاری ئێروان و هەروەها هەولێر و موسڵ یەکسەر تووشی زەرەر و زیانی گەورە هاتوون! ئاگری لە دڵ و دەروونی خەڵکی کەرکووک و ناوچەکە بەرداوە. ڕەواندوز تا خانەقین و زەهاو مەندەلی و بەسرە کەوتوونەتە بەر تاڵان. ناوچەی قەرەداغ تا سولەیمانی و شارەزوور بوون بە وێرانە. بەبێ ئەوە لە ئازایەتیی سانەکانی هەورامان باکیان هەبێ، بارگەوبنەیان لە شوێنە ئاستەمەکان خستووە. ئیتر لە هەورامانی تەخت و لهۆن چ شتێکیان بۆ خەڵک نەهێشتۆتەوە. هاواری زوڵملێکراوی خەڵکی سەقز و بانە و مەهاباد گەیشتە عەرشی ئەعلا. لە بناری لەیلاخ هێزی مۆڵ داوە و هێرشی بردۆتە سەر شاری سنە. لە لای لۆن و دێهاتی سوورسوور تا ئەلک و بێڵەوار، ناوچەی کامێران و کەنوڵە زەبرێکی قورس لە خەڵک و ناوچە کەوتووە و هەروەک دەشتی ڕەی ماڵەکان تەخت و سامەسا کراون. لە کوردستان بە گشتی ئاداریان بەسەر پادارەوە نەهێشتووە، ماهیدەشت وەک داری تاشراو ڕووت و ئاوەڕۆ کراوە. سەبارەت بە دەوروبەری کرماشان بێبەزەیی بە ئەوپەڕی خۆی گەیشتووە و سەرپێل و قەسر چەپاو کراون. لورستان، پێشکۆ، ئیلام، هەرسین، سەحنە و خورەمئاوا هەموویان داراییان بە با چووە، ئەوە دوژمن بە مەبەستی زەبروەشاندن لە کۆنەپایتەختی کوردان گەیشتۆتە لێواری هەمەدان.
بە گەیشتنی سکاڵای خەڵکی هەورامان پاشای ئاینەمەل بە هەڵی دەزانێ و لە دەرفەت کەڵک وەردەگرێ و بە لەشکری گران بەرەو کوردستان وە ڕێ دەکەوێ و پاش دیتنی ناوچەی جوان و دڵگیری بەهەشتئاسای وڵات، هێرشی خۆی ئەوەندەی تر بەهێز و توندوتۆڵ دەکا و دوژمنی جێگرتوو لە ناوچەکەدا ناچار بە شکست و پاشەکشە دەکا. ئەمجا بۆ خۆی بڕیار دەدا سوپاکەی ئازادە و لە بەهەشتی کەموێنەی ناوچەکەدا دابەش دەبێ و بەبێ پرس و جۆ و بەرگری، بێبەزەییانە و زیاتر لە داگیرکەری پێشوو، ماوەی سەروەت و سامانی خەڵکی تاڵان و چەپاو دەکەن. خەڵک بە دیتنی ئەم تابلۆ سامناکە خەمیان ئەوەندەی تر قورس و گران دەبێ و ئاهی سارد لە دڵ و دەروونیان هەڵدەستێ.
میرزا هەڵسوکەوتی لەشکری ئێرانی ئاینەمەل وەها پەسن دەکا:

«ئاینەمەل» و نووک مینقاڕی پڕ کین
مەرێزا لاشەی مەلەخ وە زەمین
وە تەوفیق حەق بێ مەیل و مانەند
سوپای شای مەلەخ نە مەیدان هۆرکەند
ئیشارەی مەلەخ چفەی هەی گورێز
هاژەی ئاینەمەل بەرق سەبۆک خێز
ڕفاناش و سەر دیارانە دا
پەخشش کەرد وە ڕووی موغارانەدا
وە ڕەزای خالق فەرد فریادڕەس
دانێ جە مەلەخ بەرنەشی جە دەس
شا چەنی سپا سەروەش و دڵشاد
خەرمان خەمان یەکسەر داوە باد
شاینشت و سەرتەخت پادشای جەڕاد
جەم بین وە دەورش ئەمیران وەشاد
جەو دما خێزا واتش ئەی یاران
بابشین وە پای سەهەنداران
دیا چێش قۆشەن یەکسەر تەمامەن
فەرما «توت تەر» دەرمان زامەن
هەرکەسێ پەی وێش یەلای هەی چەپاو
هیچ نەبن وە تەنگ حساو و کتاو
یاران یە نامەی نەهاتی پاوەن
مەعلوم نامەدێ ـ ش جەلای خودا ـ وەن
کەسێ بەزەییش ناما وە حاڵش
سەد لەعنەت وەشووم بەخت و ئیقباڵش
دیسان ئاینەمەل ڕوو کەرد وە باخان
خێزا سەدای دەنگ بەرزە دەماخان
قووقووی وە گەرم زەڵزەڵەی بێ شۆ
ئیشت وە ڕووی سەما تا هەسارەی «کۆ»
هەرچدن خوشامەد هەرچەند سوڵح و جەنگ
هەرچەند قاو و قیژ چەنی چووب و سەنگ
فایدەش نەکەرد سوودی نەدا پێش
گێلا و نۆشش کەرد وە دڵواز وێش
تەمام باخان جەسەر تا دامان
داگیر کەرد یەکسەر سوپای بێ سامان
سەربازان هەڵمەت پەرێ توت بەردن
هەتا تا واشان نۆش گیان کەردن
بازیانەی سوپای ئاینەمەل ئاوا
چون تەنیا چەند ڕۆی مدراجە ماوا

ئاینەمەل ـ لەشکری ئێران ـ بە هێزی دەنووکی پڕ لە قینی خۆی هەر لاشەی کولله ـ لەشکری تورک ـ بوو کە وەک گەڵای دار لە عەرزی دەگەوزاند. لە کۆتاییدا بە یارمەتی یەکتایی بێ هاوتا سوپای کولله شکستی پێ درا، هێرش ئەوەندە توندوتیژ و کورچکبڕ بوو بە جارێک تاقەکەسێک توانای خۆدەربازکردنی نەما. ئەوسا لەشکری ئێران بوو بە جێگری ستەمکاری پێشوو و بڕیاری دابوو سوپا بۆ حەسانەوە باخ و باخات و شوێنە دڵگرەکان داگیر بکەن و بە ئارەزووی خۆیان بەبێ پرس و جۆ دەست بەسەر سەروەت و سامانی خەڵکدا بگرن. سوپای بێئامان و لەژمارەنەهاتوو بە هوروژمی بێ کۆتایی خۆی زوڵم و زۆری بە ڕادەیەک گەیاند کە وڵاتی نوقمی تاریکی و ڕۆژڕەشی کرد، تکا و دەربڕین نارەزایەتی و بەربەرەکانێ سوودی نەبوو، داگیرکەر بە دڵخوازی خۆی هەر شوێنێکی داگیر دەکرد و ئەوەی دەستی دەکەوت بە تاڵانی دەبرد، لەسنوورترازانی زوڵم و زۆر بە هۆی پەشیمانیی خەڵک بۆ داوای یارمەتی لە سوپای شیراز «ئاینەمەل». یاران ئەوە بەڵگەی نەهامەتی خەڵکی پاوە کە سەد نەعلەت لە بەخت و ئیقبالی بێ، ئاشکرایە لەبەر ئەوە خۆیان بە هەڵەکاری تووشی ئەم کارەساتە بوون، کەس بەزەیی پیایاندا نەهاتەوە. هەرکەس لە دوژمنی تاقیکراوە و هەلپەرست داخوازیی یارمەتی بکا، نابێ لەوە زیاتر چاوەڕوانی هەبێ.
شایانی باسە قەسیدەی «کولله و ئاینەمەل» کە ئاکاری داگیرکەرانەی دوو لەشکری تورک و فارس سەبارەت بە خەڵکی کوردستان دەخاتە پێش چاوی خوێنەر، بریتییە لە ٢٩٤ دێڕەشیعر و شاعیر ئاکاری هەردوو داگیرکەر و مەبەستە گڵاوەکانیان ڕوون دەکاتەوە و خوێنە بانگهێشتن دەکا کە نابێ لە هیچ کات و زەمانێکدا تووشی فریوو و هەڵەی قسەی شیرین و قەول و بەڵێنەکانی ئەوان بخۆن و باش وایە مرۆڤ دوژمن بە کەم نەگرێ و لەسەر هێزی پڕ لە تەماعی ئەو حیساب نەکا.
هەستی خاوێنی خۆشەویستی خاک و نیشتمانی ئازیز لای میرزا ئەولقادر هەرچەند هەموو شار و گوندی کوردستانی نەگرێتەوە، بەڵام ئەو چ کاتێک ناتوانێ گڕی ئەوین و عیشقی سنوورنەناسی خۆی بۆ شوێنی لەدایکبوونی بشارێتەوە، دیارە ئەگەر واش نەبێ ئەو هەموو توانا بۆ خۆشەویستیی نیشتمانە گەورەکەی مانا و واتای نابێ.
کاتێک میرزا ئەولقادر بە هۆیەکی نەزانراو لە شاری پاوە بۆ گوندی هاوار دەست بەسەر دەکرێ و لەوێ ناچار بە مانەوە دەبێ، هەرچەندە ئەو شوێنە تا شارەکەی خۆی هێندە مەودای نییە و ئەویش هەر بەشێکە لە نیشتمانی خۆی، بەڵام تایبەتمەندێتیی دایکزادەکەی لە لای ئەو و تاسەی دیتنی کوڵی دڵی بەرز دەکاتەوە و ئەوین و سۆزی نیشتمانپەروەریی تایبەت بە خۆی لە قەسیدەی «دەروون زوخاڵم»دا دەردەبڕێ. ئەوە بەڵگەیەکی دیار و تابلۆیەکی بەنرخە بۆ ئاشکراکردنی ئەو ڕاستییەی کە ئەگەر کەسێک ئامادە نەبێ خۆی قوربانی دایکزادەکەی بکا چۆن دەتوانێ پاسەوانی نیشتمانی گەورەی خۆی بێ. ئەمە بەشێکە لە قەسیدەکەی:

دڵداران دڵان چەند پەشێوحاڵم
هاوار بی «زێدم» هاوار وە ماڵم
ساجە داخ، چەرخ، ڕوزگارەوە
تەکم دان وە لای کۆی هاوارەوە
دایم خەم وە کۆڵ نە هاوارەنان
خودا چەند بەدبەخت مەینەت بارەنان
ئەو گارم وە زام دووری یارەوە
کۆن دڵسۆزی بەی وە هاوارەوە
هەر شەو تا وەڕۆ هەر سۆب تا ئێوار
هاوارم بەرزەن هاوار نە هاوار
هاوار بێزار بی شەو جە هاوارم
هاوار جە هاوار دڵی بێ قەرارم
هاوار جە هاوار هاوار چێش کەروون
هاوار جە هاوار وە لای کێ بەروون
هاوار هام سەران هاوارم بێ شۆن
هاوار جە هاوار هاوار پەرسم کۆن
هاوار مەتەرسوو جە ڕای نەدامەت
هاوار بۆ زێدم تا ڕوی قیامەت

دوورکەوتنەوە بە پێچەوانەی مەیل و ئارەزوو، واتە لە ڕووی نارەزایەتیی ناپەسەند و دژوارەوە، ناخۆش و نالەبارتر ئەوەیە دوورخراوە لە مەڵبەندی ئەوین و ئارەزووەکانی، ئەو جێگایەی کە تاتای لیزگەکانی دەروونی پێوە گرێدراوە، بێبەش کرابێ، چ سامناکتر ئەگەر ئەو فەردە میرزا ئەولقادر بێ.
مەینەتباری، داخی خەم لە کوڵی و زامی ئەوگاری دووریی یار وەها بە پەشێوە حاڵی پاڵی داوە بە شاخی هاوارەوە کە هاواری بێ زێد و نیشتمانی لە داخی ئەم چەرخە سپڵەیە شیوەن و هاواری لێ ئەستاندووە. کولانەوەی زامی دووری یار و نەبوونی خەمڕەوێن ناچاری کردووە هەر شەو تا بەیان و هەر ڕۆژ تا ئێواران بڵێسەی ئاهونزولەی دانیشتووانی «هاوار» بێزار بکا. فریادی نائارامیی دڵی ئۆقرە و ناڵەی دەروونی چۆن بێ دەنگ بکا، لە هاوار پەنا و یارمەتی لە کێ بخوازێ و کێ هەژانی دڵی کوڵیووی ئەو ناس بکا و هاواری بێ سنووری ئەو هاوارناس و حاڵزانی خۆی دەوێ، لە ڕووی ئەو مەینەتباری و چەواشەبوونی ناڵەی خۆی هەناسەبڕکێی کەس بە هاوارەوە نەهاتن بەربینگی پێ گرتووە. خەمی گەورەی ئەوەیە تا ڕۆژی پەسڵان دوور لە زێدی خۆشەویستی بمێنێتەوە.
عەبدوڵڵا بەگی هەورامان، ١٨٧٩-١٩٤٤ی زایین، هەورامانی تەخت: لە ساڵی ١٩٣٠دا و بە فەرمانی شای ئێران ماوەی دە ساڵ بە تاوانی ئەویندارییی نیشتمان لە بەندیخانەی ئەسفەهان بەندکراوە. ناوبراو دوور لە مەڵبەندی خۆشەویستی لە کونجی تاریکی زینداندا هەموو فیکر و زیکر و ئارەزووی لای دڵبەرەکەیەتی ئەو سۆزی دڵی خۆی بەم شێوەیە دادەمرکێنێ:

یاران هامسەران ئیمشەو خاوێ دیم
جە زیندان تار عەجەو خاوێ دیم
ئازادی وەتەن هەورامانم دی
ئێڵاخان چۆڵ «کۆسالان»م دی
وەنەوشەی وەش بۆ چنوور جە هەردان
ئاما نە خاوم پەی باروو دەردان
ڕێحانە پەڵش دێز شەست پەڕ جە باخان
سۆسەن و نەسرین شەو بۆی ئێڵاخان
بەرزەڵنگ جە کۆ چنوور جە کاوان
سەوزی و مێرغوزار هاڕەی بەفراوان
چەنی هامسەران نیشتە بێم وە شاد
بە کەیف و ئاهەنگ خەم مەدام وە باد(١١)

دیسان باس باسی ڕزگاری و سەربەستیی وڵات و ئازادبوون لە بندەستی و ڕابواردنی ئاسوودە لە پەنای ئاو و سەرکاو، ڕێحانی پەلکدێز، شەوبۆی بۆنخۆش، وەنەوشەی وەش بۆ و بەرزەڵنگ و چنووری کاوان و سەفای سروشت و هاودەمی هامسەرانی دڵساف و شادیبەخش و خەمڕەوێن دەکرێ.
سەرنجڕاکێش لە ئەدەبی هەورامیدا زیاتر لە بۆن و بەرامە و هەموو جۆرە هەستێکی بێ بنی ئاورین و پڕ لە خۆشەویستیی خاک، خۆدووڕاگرتن لە تۆڵە و تۆڵەستێنی و نیشاندانی ڕق و قین و دژکردەوەی نابوودکەرانە و دەرخستنی بەرینیی هێزی گوزەشت و جوامێری و بە دوور بوون لە تووڕەیی و خوێنڕێژی و شتی لەو بابەتەوەیە.
شانازیی زیاتر ئەوکات تین و تاوی زیاتر دەستێنێ کە مرۆڤ چ گۆشەیەک لە ڕقەبەرایەتی و هێرشکاری و داگیرکەری و بێمافکردنی مافپێشێلکەران و قینلەدڵانی دوێنێ بە هەڵکەتیش بێ لەم ئەدەبەدا نابیرێ و ئەوە تەنیا لە خۆ و خەدەی ئازادئەندێشی و بەرزهیمەتی و کەسایەتیی مرۆڤی ڕاستەقینە «کامل»دا ڕەچاو دەکرێ، ئەو کۆمەڵە مرۆڤە کە خوازیاری گەیاندنی ئینسان بە چڵەپۆپەی مانا و ناوەڕۆکی مەزنی خۆیەتی.
ڕەسەنایەتیی هونەر و گۆرانیی هەورامی تەنیا لە تایبەتمەندی ئاهەنگ و هەوای دڵڕفێنی ناوچەکەدا نییە، شیعر یان فۆلکلۆری سەرزارەکی و سنگ بە سنگی خەڵکی ئەم ناوچە لیپاولیپە لە خۆشەویستی بەرانبەر بە هەموو دیاردەکانی سروشتی ناوچەکە. ئەگەر کەمێک سەرنج بدرێ دەبینین بۆ خۆی مێژوویەکی کەموێنەی ژیان و ئاواتەکانی خەڵکەکەی تێدا تۆمارکراوە. زیانکەوتن لە خەڵک بە هۆی نەخۆشی، سێڵاو، سەرما و هەر دیاردەیەکی تری سروشت یان بە هۆی دەستی زاڵم و داگیرکەر هەموویان ئەوانە لەبەر چاوی وردبین تاسەمەند و ئۆقرەهەڵنەگری ئەویندارییی خاکەکەدا نەشاراوە ماوەتەوە، وەک برینێکی ساڕێژنەبوو هەتاهەتایە لەسەر پەڕەی دڵی ناسکی خەڵکی ئاسەواری بە جێ هێشتووە و نەسل بۆ نەسل بە گۆرانی یان شیعر و هەر شێوەیەکی گونجاوی تر گێڕدراوەتەوە.
دەستەڵاتدارانی داگیرکەری کوردستان، زۆرجار، هەوڵی توانەوە و لەناوبردنی فەرهەنگ و کەلەپووری ناوچە و تەنانەت لەیەکدابڕینی خەڵکی و خاپوورکردنی گوندەکانیان داوە، بەڵام شاعیر بە شیعر و گۆرانیبێژ بە ناڵە و چریکەی بەسۆزی خۆی، دایک بە لاواندنەوە و هەریەک شیوەن و شەپۆڕیان بۆ لەدەستدانی جگەرگۆشەکانیان گەیاندووەتە عەرشی ئەعلا و بۆ چرکەیەکیش ڕێگایان نەداوە ئەم کۆسپە لە فکر و زەینی خەڵک نەمێنێ.
دابەزاندنی پەیمانی جەزائیر ساڵی ١٩٧٥ دژی کورد و کاولکردنی گوندەکان و ڕاگوێزانی ئەوانەی کە مابوون و پاش شەڕی وێرانکارانەی عیراق و ئێران کە بوو بە هۆی وێرانکردنی زۆر گوند لەم ناوچەیە و لە بەشێکی بەرچاویدا هێشتا خەڵک هەر چاوەڕوانی ڕێگادان بە گەڕانەوە بۆ سەر زێد و مەڵبەندی خۆیانن، شیعر و گۆرانی بە باڵای شاخ و بەندەن و

ل٢٦